# کە تۆش هاتی

**سەرهەنگ خامۆش**
Xamosh_s@hotmail.com



سۆمای چاوم
لەگەڵ هەنگاوەکانی هەوردا
پرچی باران دەهۆننەوە
ڕەنگم ئاوێتەی خۆر دەبێ
زامەکانم
وانەی عیشق دەڵێنەوە.
من لەڕێگای جوانیت وەستام
وەك ژیلەمۆ
بۆ سۆی ئەم عیشقە دەسوتام
کە گریانیش برژانگی خەمی داهێنام
خەزان هات و
ئاوازی مەرگی بۆ هێنام
کە تۆش هاتی
بە ورشەی قژی ئاڵتەوە
بەترپەی لەنجەو لارتەوە
وتم نەکەی
چۆن دڵت هات
فو لەچرای ئەوینم کەی
خامۆشم کەی...!!!